www.kurdistannet.org
30-5-2006 19:22 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چما ئەم وڵاتە بە دەست نوێژانە لە ئەفریقای باشووریش بەخت رەش ترن؟ ... سەباح تاهیر

(جاکۆب زۆما) کەلە خەبات گێڕو یەکە پیاوی حزب ووڵاتی ئەفریقای باشوور، شوکر لە دادگا بێ تاوان دەرچوو، سەبارەت بەو تاوانەی درابووە پاڵی. ئەم خانمەی کە بە شکاتەکەی (جاکۆب) ی خەباتگێرو بە شان و شەوکەتی برد بووە دادگا، گووتبووی (زۆما لە ماڵەکەی خۆیدا بە زۆر دەست درێژی سێکسی کردۆتە سەرم) . نە خانمە کە، نە (جاکۆب) ، نە هەواڵەکان، باس لەوە ناکەن ئاخۆ ئەم ژنە بۆچ کارێکی رەسمی پەڕلەمانی! وەزاری یان خێزانی ئەم سەردانە قدوم رەشەی بۆ ماڵەکەی (جاکۆب) کردووە؟؟

کەسیش ناڵێ بۆ؟

منیش تا چاو عەقڵ بڕ بکات لە (جاکۆب) و (خانمە) حەیا بەرەکەی دوورم، سەری خۆم بۆ دۆزینەوەی ئەم هۆیانە ناهێشێنم! راستی یان بوختان هەڵبەستن بۆ ئەم تومەتە کاری من نییە. ، بەڵام گەر دیقەت بدەیتە ئەم کێشەییە بە پێوانەی (بێ پێوانەیی) هەڵیسەنگێنین

بە دەست خۆت نییە (جاکۆب) ت زۆر بە بەستەزمان دێتە بەر چاو ان، باشە گەر ئەم کەڵە پیاوە لەم دەڤەرە بە شەرم و حورمەتانە سەرکردەبووابیە، چ ژنەتیوێك ئەو حورمەتەی هەییە تا حورمەتی کەلەپیاوێکی وا مەزن بباتە دادگا؟

باشە بە گوێرەی ئەم پێوانەییە بێ پێوانەییە ش بێ، ئەم ژنە حەیا بەرو دەم درێژە زۆر بەختەوەرە بەوەی کە خۆی و حەوت پشتی بە گوڵلەی چەتەکانی (جاکۆب) جەستەیان نەکراوە بە بێژینگ!

خۆراستە جاکۆب لە دادگا بێ تاوان دەرچوو، بەڵام ئەم تومەتە ناوی ئەم سەرکردەییەو حزبەکەی زراند و بەم زوانەش جاکۆب بە تومەتی گەندەڵی دەبرێتەوە دادگا، یەکێك لای خۆمان ئەم هەواڵەی خوێندببوەوە و گووتبووی (ئەیە رۆ قووڕ بە سەرم چما ئەو وڵاتە بە دەست نوێژانە لە ئەفریقای باشووریش بەخت رەش ترن؟